# بانگەوازێک بۆ پشتگیری کردن لە ڕاپەڕینی خەلقی کوردستان ... د. کەمال سەید قادر

مێژوی مرۆڤایەتی هەر هەموی بریتی یە لە بەرهەڵستکاری دژ بە چەوسانەوەو ناعەدالەتی مرۆڤ دژ بە خوشکوبراکانی خۆی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا. وە هەر جارێك خەلق بە سەر زۆردارێکو جۆرێك لە زۆرداری زالبوبێت ئەوا زۆردارانی ترو جۆری تری زۆرداری لە ژێر دروشمو ڕەنگو ئالایەکی نوێدا جێگای ئەوانی تری گرتۆتەوە، بۆیە ژیانی مرۆڤایەتی بریتی یە لە خەباتێکی بەردەوام لە پێناوی ئازادیو کەرامەتی مرۆڤ. هەر کەسێکو میللەتێك بیەوێت بە ئازادیو کەرامەت بژیێت دەبێت هەردم لە ئامادەباشی دابێت بۆ خەباتکردن لە پێناوی ئەم بەها پیرۆزانە.

میللەتی کوردیش ئەوا بۆ هەزارەی سێهەم دەچێت کەوا کوێلەی بێگانەی داگیرکەرو ژێردەستە.

شانبەشانی زولمی بێگانەش، زولمو زۆرداری ناوەخۆ پشتی مرۆڤی کوردی زیاتر چەماندۆتەوە. بە درێژایی مێژوی چەوساندنەوەی گەلی کوردیش زۆردارانی کورد دەستیان لە گەڵ هێزەکانی بێگانە تێکەلکردوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندی یە تایبەتی یەکانی خۆیان وە هەتا خۆشیان فرشتوە بە بێگانە بە هەرزانترین نرخ وەکو جاشو بە کرێگیراو.

لە گەڵ ئەم بارقورسیو مالوێرانی یەش مرۆڤی کورد بە درێژایی مێژوی خۆی ملی بۆ زۆردار کەچ نەکردوە، جا ئەم زۆردارە چ داگیرکەرێکی بێگانە بوبێتو چ زۆردارێکی کوردی خۆپەرست. ملیۆنەها لە کچوکوڕی کورد تا ئێستا مردنیان بە سەربەرزی هەلبژاردوە لە جیاتی کوێلەییو ژێردەستی. هەر ئەم مرۆڤە کوردەش بو کەوا لە ڕاپەڕینەکەی سالی 1991 دامو دەزگا بۆگەنەکانی داگیرکەری بەعسیان ڕامالی وە ئاگریان لەجەستەی بۆگەنی گوجیلەکانی داگیرکەر بەردا.

بەلام جەژنی خۆشی میللەت ئەوەندەی نەبرد تاکو چەوسانەوەو زولمی ناوخۆ جێگای ئەوەی بێگانەی گرتەوە ئەگەرچیش بە جۆرێکی تر. هەر هەمان پیاوانی ڕژێمی بەعسو فایلچی یەکان دیسان پازیاندایە سەر کورسی یەکانو قامچیان دژ بە میللەت گرتە دەست. بەلام چونکە چەوسانەوە هەر چەوسانەوەیە، جا چ کوردێك پێ ی هەلسێتو چ بێگانەیەك، دەبێت خەباتیش دژی ئەم چەوسانەوەیە ڕوبەڕوی هەر چەوسێنەرەوەیەك بکرێتەوە، جا چ کورد بێو چ بێگانە.

بێ بەش کردنی مرۆڤی کورد بە مافە بنەڕەتی یەکانی لە هەردو ئیدارەی کوردیو، دزینی سامانی میللەت بە شێوەیەکی ئاشکراو فراوانو ئیهانە کردنی خەلقی کوردستان لە لایەن چینێکی مشەخۆرو خۆپەرست، ئەو سنورەی بەزاند کەوا میللەت لە هەمو شوێنێکی جیهان بۆ دەسەلاتی سیاسی دادەنێت.

بۆیە کاتی ئەوە هاتوە لە کوردستان کەوا میللەت پەنجەی خۆی هەلبڕێت بەرامبەر دەسەلات و بلێت نا ئەوە سنوری تۆیە ئەمەش سنوری منە، ئەمە مافو ئەرکی تۆیە ئەمەش مافو ئەرکی منە، ئەگەرنا فەرمو بڕۆ چونکە من شەرعیەتم داوە بە تۆ، تۆ بە ناوی من حوکم دەکەیت.

لە ڕاستیشدا هەمو میللەتانی تری ئازادی جیهانیش، لە ئەمریکاوە تاکو ئەورپا هەر بەم ڕێگایە گەیشتونەتە مافەکانی خۆیان. هەر شەقامێکی دلڕفێنو ڕازاوە لە ئەورپا، ڕۆژێك لە ڕۆژان لە مێژودا بە خوێنی ئازادیخوازانی هاولاتیان سوربوە. ئەو شەقامانەی ئێستا بە

ئازادی پیایدا دەڕۆین، ڕۆژێك لە ڕۆژان باوکو باپیرانی هاولاتی یە ئەوروپی یەکان وەکو کوێلەو دیل پێیدا ڕۆیشتون. ئێمە کوردستانمان بە خوێن ئاودا کەچی هەر ڕزگار نەبوین.
با چاوەڕوان نەبین دەسەلاتی سیاسی کوردی هیچ مافێکمان پێ ببەخشێت، بەلکو هەمو مافێك دەسێنرێت نەك دەدرێت، لە ڕاستیشدا لە قورگی گورگ دەردەهێنرێت.
هەمو داواکاری یەکانی خەلقی کوردستان ڕەوانو لە هەردو ڕێککەوەتنامەی نێودەولەتی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ مافە مەدەنیو سیاسی یەکانو، مافە ئابورریو کۆمەلایەتیو کولتوریەکان شەرعیەتی خۆیان دەدۆزنەوە. ئازادی، شەفافیەت، لێپرسینەوە، چاودێری دارایی، نەهێشتنی واسیتەو واسیتەکاری، بنبڕکردنی گەندەلیو ژیان لە کەرامەتدا هەر هەمویان داواکارین بە پێ ی یاسای نێودەولەتی شەرعیەتی خۆیان هەیە.
لە ڕاستیشدا بارەکەی ئێستای کوردستان زۆر گونجاوە بۆ ڕاپەڕین چونکە هەردو ئیدارەی کوردی زۆر بە زەحمەت دەتوانن بە دڕندەیی ڕوبەڕوی خەلقی کوردستان ببنەوە.
بەلام لە گەل ئەوەشدا خۆ ئامادەکردن لە بواری ڕێکخستنو یاسایی هەنگاوی چاکن بۆ ڕێگە گرتن لە هەر توندوتیژی یەك کەوا بتوانێت ڕوبدات. لێرەدا بە تایبەتی کوردەکانی دەرەوە دەتوانن پالپشتی پتەوی خەلقی کوردستان بن بە تایبەتی لە بواری ڕاگەیاندنو یارمەتی یاسایی. لە لایەنی یاسایی یەوە ئەوا خۆشبەختانە زۆر لە لێپرسراوانی هەردو ئیدارەی کوردی ڕەگەزنامە ی ئەوروپیو ئەمریکیان هەیە، واتە یاساکانی ئەم ولاتانەیان لە سەر دەچەسپێت بە تایبەتی لە بواری پاراستنی مافی مرۆڤدا. هەریەك لەم لێپرسراوانە دەتوانرێت بدرێتە دادگایەکی ئەوروپی یا ئەمریکی ئەگەر مافی مرۆڤی لە کوردستانو هەرشوێنێکی تر پێشێلکرد.
من خۆم شەرەفی ئەوەم هەبوە کۆمەلێك لەم جۆرە لێپرسراوانەو فایلدارەکان ڕاپێچی داداگاکانو بنکەکانی لێکۆلینەوەی پۆلیس بکەم.
ێستاش وەکو یاساناسێکو کوردێك ئامادەم بە هەمان کار هەلسم لە کاتی پێویستدا. بۆیە داوا لە خەلقی کوردستان دەکەم کەوا یەکسەر لە حالەتی پێشێلکردنی مافەکانیان، بە تایبەتی لە کاتی خۆپشاندانەدا پەیوەندیم پێوە بکەن تاکو بە شانازیو مەمنونی یەوە یارمەتیان بدەم.
جا لێرە مەرج نی یە ئەو کەسەی بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەلدەستێت خۆی ڕەگەزنامەی ئەوروپی یاخود ئەمریکی هەبێت، بەلکو ئەو کەسە گرنگە کەوا لێپرسراوی دەزگاکەیە بێت. بۆ نمونە وەزیری ناوخۆی ئیدارەی هەولێر ڕەگەزنامەی سویدی هەیە، جا ئەگەر یەکێك لە دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆ هەتا پۆلیسێکیش بێت مافی مرۆڤی پێشێلکرد ئەوا بە پێ ی یاسای سویدی ئەم وەزیرە بەرپرسیارە.
بۆ ئەم مەبەستەش جارێکی تریش تکا لە خەلقی کوردستان دەکەم کەوا یەکسەر پەیوەندیم پێوە بکەن، ئەگەر بە جۆرێك لە جۆرەکان مافیان پێ شێلکرا.

ناونیشان:
د. کەمال سەیدا قادر
مالەوە: 00431331094502
مۆبایل: 00436502182005
مۆبایل: a7825836@unet. univie. ac. at